# تیرۆری دەوڵەتی تورک لە شەمزینان

کاوە ئەمین

ماوەی دوو هەفتە دەبێت، دیسان دەوڵەتی تورک بە شێوەیەکی سیستەماتیک مەکینەی شەڕی تیرۆری خۆی خستۆتەوە گەڕ و تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێنێ، بەڵام وڵاتان بەشێوەیەکی گشتی و ئەوروپا بە تایبەتی نقەیان لە خۆیان بڕیوە، ڕاگەیاندنە هەلپەرست و گوێلەمستەکانیشیان دەمی خۆیان قفڵ داوە و تەنها شتێک کە خۆیانیان پێوە خەریک کردووە، ئیسلام، تیرۆر و کێشەی سەرڕەشەکانە کە نایەنەوێت بەقەولی خۆیان ئینتیگرێرە (خۆگونجاندن) کە لە ڕاستیدا مەبەستیان توانەوەیە، ببن.

ڕۆژی 11/9، سێ کەسی سەر بە (ئیستیخباراتی عەسکەری سوپای تورکیا) نارنجۆکێکیان هەڵدایە نێو کتێبفرۆشییەکەوە لە شاری شەمزینان، کە شارێکی بچکۆلەی سەر بە هەکارییە، ئەوە بوو لە ئەنجامدا کەسێک ژیانی لەدەستدا و کەسێکیش بریندار بوو. لە کاتی هەڵهاتنی ئەو سێ تیرۆریستە، خەڵکی شارەکە، تاوانبارانیان دەستگیر کرد، پێش ئەوەی پۆلیس بگاتە شوێنی ڕووداوەکە، ئەو ناسنامەو بەڵگە و چەک و تەقەمەنییانەی کە پێیان بوو، دەستیان بەسەردا گیرا، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا لە لایەن (ئاژانسی هەواڵیی دیجلە)وە بە هەموو دنیادا بڵاوکرایەوە، تورکانیش مام هەژار وتەنی "دەست لە گونان درێژتر"، واقوڕماوانە دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیوەوە و تازە کار لە کار ترازبوو. بەڵام خەڵکی شەمزینان بەوەشەوە نەوەستان، بە خاوخێزانەوە ڕژانە سەر شەقامە سەرەکیەکەی شارەکە، ئاخر شەمزینان تەنها یەک شەقامی گەورەی هەیە، داوای دادگایی کردن و کۆتایهێنان بە تیرۆری دەوڵەتیان کرد.

سەدوپێنج ساڵ پێش ئێستا، شێخ عوبەیدوللەی نەهری لە نامەیەکدا باسی داگیرکاری تورک و فارس دەکات کە ئەوسا کوردستان لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاردا دابەشکرابوو، داوا دەکات کە کێشەی کورد چارەسەربکرێت و مافەکانی کورد وەکو هەر نەتەوەیەکی تر قبوڵ بکرێت ئەگەرنا :" بەهۆی ئەو زوڵم و بندەستییەی کە هەردوو حکوومەت لە کوردی دەکەن هەموو کوردستان ڕادەپەڕێت، گەل ناتوانێت هەتا هەتایە سەری خۆی نەوی بکات. بەکارهێنانی زۆرو تۆقاندن، بە کوشتن و تاڵانکردن، کورد نەدەمرێت، نەتەواو دەبێت و نەتێکدەشکێنرێت. لە شەڕی نێوان تاریکی و ڕووناکیدا، ڕووناکی بەسەر دەکەوێت".(ماڵپەری نێتکورد.کۆم 2005/11/17). وەک دەبینین دوای سەدوپێنج ساڵ، نە تورک توانیویەتی کورد لەناو بەرێت و نە کوردیش توانیویەتی ئازادیی خۆی بەدەست بخات، واتە شەڕی ڕووناکی و تاریکی هەر بەردەوامە و تا تورکیش لەسەر ئەم ئەقڵە شۆڤێنی و نامرۆڤانەیان بن، پێدەچێت هەر بەردەام بێت.

لە نێو ئەو بەڵگانەی کە خەڵکی شەمزینان لە گیرفانی تاوانبارانیان دەرهێنا، لیستێک هەیە کە ناوی ئەو کوردانەی کە بڕیاری تیرۆرکردنیان دراوە، بە تایبەتیش ناوی بەرپرسانی پارتی هادەپی سەر بە کوردی تێدایە. ئەمەش هەر درێژەی ئەو تیرۆرانەیە کە لە

ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا لە لایەن ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی نێوخۆی میت ئەنجام دراون، بە پێی ئامارێک کە لە لایەن سایتی ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆ لە تورکیا بڵاوکراوەتەوە، لە ماوەی حەوت ساڵدا واتە لە (1991/6/21 تا 1998/11/19)، 157 کەس لە ئەندامان و بەرپرسانی پارتەکانی (هەپ، دەپ، هادەپ) کوژراون و بکوژەکانیشیان نادیارن. (گۆڤاری دۆسێی تورکیا ژمارە 1، مایسی 2005، سلێمانی).
ئەم تیرۆرە دەوڵەتییە ئاشکرایەی کە لە تورکیا دەکرێت، لە کاتێکدایە کە ئەو وڵاتە پاڵێوارەوە بۆ ئەندام بوون لە یەکیەتی ئەوروپا. سیاسەتی ڕیاکارانە و دووڕوانەی ئەوروپیەکان لەمەڕ کێشەی کورد، چرای سەوزە بۆ بەردەوام بوونی تیرۆری دەوڵەتی بە دژی کورد، دەنا بۆ هەموو ئەو وڵاتانە کەوتنە خۆیان کاتێک ڕاپەڕینی خەڵکی هەژار و گۆشەگیرکراوی کۆچکردوان لە فەرەنسا خەریک بوو پاریس بسووتێنن، ئەوان تا ئاگرەکە لە خۆیان بەدوور بێت بە تایبەتیش ئەگەر لە وڵاتێکی موسڵماننشین بێت، مێش میوانییان نییە. ئەوەتا وڵاێکی وەکو سوێد پاش دە ڕۆژ ڕۆژنامەکانی کەوتنە قسە لە سەر ڕاپەڕینەکەی شەمزینان، ئەوەش کاتێک کە لاوانی کورد تانکەکانی تورکییان لە ئەستەمبوڵ ئاگردا. هەندێک لە ڕۆژنامەکانیش ناڕاستەوخۆ تاوانکە دەخەنە ملی لایەنگرانی (پکک). ئەوروپیەکان بە میللەتانی ژێردەستە کە بۆ مافە مرۆییەکانی خۆیان تێدەکۆشن دەڵێن تیرۆریست، مەگەر لە چاوی ئەوانەوە ڕێکخراوە فەلستینی، کورد، تامیلەکان، چیچانییەکان، کاشمیریەکان و...هتد، تیرۆریست نیین. دەکەواتە شاعیری گەورەی عەرەب (نزار قوبانی) جوانی بۆ چووە کە دەڵێت: بە ئێمە دەڵێن تیرۆریست، چونکە لەگەڵ گورگ دانانیشین و دەست ناخەینە دەستی قەحبەکانەوە، ئەگەر تیرۆریزم ڕامالینی داگیرکەر و سەندنەوە وشەی دزراو، مێژووی دزراو، کولتووری دزراو و زمانی دزراومان بێت، ئەوا، درود بۆ تیرۆریزم.